KREIS VIERSEN

Kommunales Integrationszentrum Kreis Viersen




# یارییەکانی سەرتانسەری گۆی زەوی

## گەشتێکی یاریی نێوان کولتووریی

هەروەها بەو زمانانەی خوارەوە لە بەردەستە:

عەرەبی

ئینگلیزی

فارسی

فەڕەنسی

کوردی

پۆڵەندی

رۆمانیایی

رووسی

سێربی

تورکیی

ئوکراینی

ریزبەندیی بابەتەکان


پێشەکی.......... 5
ئەفغانستان.......... 6
BERI BERI (بووک بووکێنە).......... 6
DANDACLID.......... 7
TUSHLA BAAZI.......... 8
ئەرجەنتین.......... 9
PAN Y QUESO ( نان و پەنیر).......... 9
EL JUEGO DEL PAQUETE (یاریی پاکەت).......... 10
DIE PIÑATA - یاریی تایبەتی رۆژی لەدایکبوون.......... 11
CHANCHO VA (بەراز دەجوولێت).......... 12
چین.......... 13
SÄNFTE TRAGEN.......... 13
ئەڵمانیا.......... 14
یاری ناوەڕاستیی.......... 14
رۆژنامە خوێندنەوە.......... 15
ئاگر، زەوی، ئاو، هەوا.......... 16
عێراق.......... 17
CHAAB.......... 17
HALMATEN.......... 18
کامێرون.......... 19
BATON RELAY.......... 19
قەزاقستان.......... 20
HULI, HULI DAMOJ.......... 20
ورچ، تا کەی دەتەوێت بخەویت؟.......... 21

مەراکێش/مەغریب ........ 22
یاریی بەردگر ........ 22
SCHRITTA ........ 23
ڕۆمانیا ........ 24
LAPTE GROS - شیری خەست ........ 24
BAMBILICI ........ 25
مشک و پشیلە ........ 27
پەڕەسیلکە، هێلانەی خۆت بجووڵێنە! ........ 28
ڕووسیا ........ 29
BRATPFANNE ........ 29
LAPTA ........ 30
سێربیا ........ 31
خۆشکە، نرخی شیر چەندە؟ ........ 31
هێلکە یان ڕەنگ ........ 32
سوریا ........ 33
MURMELKUGELN ........ 33
حەوت بەرد ........ 34
تورکیە ........ 35
ZAMBAK ZUMBAK ........ 35
ئوکراین ........ 36
ڕەنگەکان ........ 36
5 ناو ........ 37
پیاوی ئاوکێش ........ 38

# پێشەکی

## خوێنەرانی بەڕێز،

یاریی رۆڵی سەرەکی هەیە لە گەشەی منداڵاندا. منداڵان دەتوانن لە هەموو شوێنێکدا یاریی و گەمە بکەن: لەسەر شەقام، لە خوێندنگە یان لە باخچەی ساوایان. زۆربەی کات تەنیا شتێک کە بۆ دەسپێکردنی یارییەک پێویستە، گورێس یان تۆپێکە.

هەر یارییەک بەپێی کولتووری وڵاتێک بیچم دەگرێت و روانگەیەک سەبارەت بەوە پێشکەش دەکات. هەندێ کایە و یاریی هەن کە تایبەتی وڵاتێکن و بە شێوەی ئاسایی تەنیا لە وڵاتێکدا دەکرێن. هەروەها هەندێ یاریی لە سەرتانسەری جیهاندا دەکرێن و بۆ ئێمە ناسراون. ئەمە پیشان دەدات کە منداڵان لە سەرتانسەری جیهاندا لە جۆرەکانی یاریی هاوشێوە چێژ دەبەن.

لەم بڵاقۆکەدا، هەندێ یاریی لە هەموو کیشوەرەکان کۆکراونەتەوە تاکوو هەندێ کایە بە شێوەی جیهانی لە باخچەی ساوایان فێری منداڵان بکات.

ئەو یارییانە دەناسێندرێن کە بە شێوەی مەجازی هەلی گەشت بە دەوری جیهاندا دابین دەکەن و دەکرێ بە کەمێ تێکۆشان لە ناو خێزان و لە دەرەوەی ماڵ بکرێن.

کۆپڵەی یارییەکانی نێوان کولتووریی هەم لە باخچەی ساوایانی فێرکردنی رۆژانە و هەم لە ژیانی رۆژانەی خێزان، پاڵپشتی و هێوریی پێشکەش دەکات.

# ئەفغانستان

## BERI BERI (بووکۆکێنە)

تەمەن: لە 6 ساڵەوە

کەرستە: دار، پەڕۆ و چنراوەکان یان کەرستەی زێدە

شرۆڤەی یاریی:

Beri Beri، جۆری یارییە کە تێیدا منداڵەکان بووکلە یان بووکڵەکانی گەمەکردن دروست دەکەن و پاشان رێوڕەسمی زەماوەند جێبەجێ دەکەن.

کاری داهێنەرانەی زۆر بۆ ئامادەکردنی ئەم یارییە دەکرێت.

کچەکان زۆرتر بە یارمەتی خۆشکانی گەورەتر، دایکان یان دیکەی خزمانی ژن، وەویلکە یان بووکڵەکانی بووک و زاوا دروست دەکەن. ئەوانە لە دار، پەڕۆ و کەرستەی تر (بۆ وێنە دوگمە وەکوو چاو) کەڵک وەردەگرن.

کوڕەکان یارمەتی دەدەن بۆ دۆزینەوەی شوێنگەڵێک بۆ ماڵی بووک و زاوا کە لە یەکتر دوور نین و بۆ کردنەوەی ماڵە مینیاتۆرییەکان بەرد کۆدەکەنەوە.

هەروەها بۆ بردنی بووک بۆ ماڵ زاواش ئەسپی دارینە دروست دەکەن.

نێردراو لەلایەن محەمەد جەبار خیل لە ئەفغانستانەوە

# ئەفغانستان



# DANDACLID

تەمەن :لە 5 ساڵەوە

کەرستە: دار

شرۆڤەی یاریی:

Dandaclid یارییەکی دوو کەسەیە. بە دوو دار یارییەکە دەکرێت. لە داری گەورەتر (danda) بۆ لێدانی داری بچووکتر (clid) کەڵک وەردەگیردرێت.  هەر دوو سەری داری بچووکتر، قووچەکییە، بە جۆرێ کە کۆتاییەکانی ئەوە کاتێک لەسەر زەوی دادەنرێت، کەمێ لە ئاستی زەوی بەرز دەبنەوە. کەسێک بە دارە گەورەکە لە سەرە بەرزەکان دەدات تاکوو کەمێ پەڕێتە هەوا، پاشان دیسانەوە لێی دەدات بەجۆرێ کە تا هەر کوێ دەکرێ بفڕێت. بە شێوەی ئاسایی بنەمای ئەم یارییە لە دوو بازنە پێکهاتووە – بازنەیەکی ناوەکی (بنە) و دانەیەک دەرەکی.

یاریزانی یەکەم لەسەر بازنەی ناوەکی دەوەستێت و هەوڵ دەدات تا دەکرێ گورز بدات لە دارە بچووکەکە – دوور لە هەر دوو بازنەکە. کەسەکەی تر (یاریزانی زەوی) دارە بچووکەکە دەگرێت و هەوڵ دەدات بیخاتە بازنەی دەرەکی. ئەگەر ئەو سەرکەوێت، خاڵێک وەردەگرێت. ئەگەر ئەو سەرنەکەوێت، یەکەم یاریزانێ کە یاریی دەکات خاڵێک وەردەگرێت و دەتوانێت دیسانەوە لەو هەڵکەوتەوە بدات لە دارەکە – ئەوەی کە فڕێدانی دارە بچووکەکە بۆ بازنەکە بۆ یاریزانی زەوی ئاستەمتر دەکات. یاریزانەکان بۆ بردنەوەی یارییەکە پێویستیان بە چەند خاڵ هەیە.

نێردراو لەلایەن محەمەد جەبار خیل لە ئەفغانستانەوە

# ئەفغانستان



## TUSHLA BAAZI

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: بەردی بچووک

شرۆڤەی یاریی:

TUSHLA BAAZI لەو یارییانەیە کە جۆراوجۆریی زۆرە.
جۆرێکی باوی ئەم یارییە بەم شێوە دەکرێت:
بازنەیەکی بچووک لەسەر زەوی لەگەڵ هێڵێکی راستەوخۆ لە ناوەندەوە دەکێشرێت.
دوو یاریزانەکە هەر بەو رێژەیە خڕکە بەرد لەسەر هێڵەکە دادەنێن. هەر یاریزانێک تێدەکۆشێت بە لێدانی یەکێک لە بەردەکانی خۆی، بەردی یاریزانەکەی تر بپێکێت.
ئەگەر سەرکەوێت، ئەو بەردەکانی یاریزانەکانی تر کۆ دەکاتەوە.

هەر کەسێک زۆرترین بەرد کۆ بکاتەوە، دەبێتە براوەی یارییەکە.

نێردراو لەلایەن محەمەد جەبار خیل لە ئەفغانستانەوە

# ئەرجەنتین

## PAN Y QUESO ( نان و پەنیر)

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

لە یاریی نان و پەنیردا، دوو منداڵ کە لە مەودایەکی دیاریکراوەوە لە بەرانبەر یەکدا راوەستاون، بە نۆرە دەڵێن

PAN - QUESO
نان - پەنیر

و لە راستای هێڵێکی کێشراو یان رەچاوکراوەوە، بەرەو یەکتر هەنگاو دەنێن و هەر جارەو پێیەکیان دەنێنە پێش ئەوی تر.

کاتێک منداڵی یەکەم دەڵێ PAN، ئەو منداڵە پێیەک دەباتە بەرەوە. منداڵەکەی تر بە وتنی QUESO پێی دەباتە بەرەوە.

هەر کەسێک زووتر پێ بنێتە سەر پێی ئەوی تر، براوەیە.

نێردراو لەلایەن Corinne Acea لە ئەرجەنتین

# ئەرجەنتین



## (یاریی پاکەت) EL JUEGO DEL PAQUETE

تەمەن: لە 6 ساڵەوە

کەرستە: کارتۆن، کاغەزی جیلەبەندیی

شرۆڤەی یاریی:

منداڵەکان بە شێوەی بازنەیی دادەنیشن و لە کاتی وەشانی مۆسیقادا دەچن بە دەوروبەری کاغەزە بەجیلە و پاکەتکراوەکاندا. لە هەر توێژێکدا لەتە کاغەزێک لەگەڵ ئەرکێک هەیە.

کاتێ کە مۆسیقا رادەگیردرێت، منداڵێ کە پاکەتەکەی لە بەردەستە، دەبێت توێژێک جیلەبەندییەکە بکاتەوە و ئەرکی تایبەتی نووسراو لەسەر کاغەزەکە جێبەجێ بکات. ئەم رەوتە چەندین جار دووپات دەبێتەوە.

یارییەکە کاتێک کۆتایی دێت کە کەسێک دوایین توێژ دەکاتەوە و خەڵاتێک وەردەگرێت.

نێردراو لەلایەن Corinne Acea لە ئەرجەنتین



# ئەرجەنتین

## یاریی تایبەتی رۆژی لەدایکبوون - DIE PIÑATA

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: تیزان/فوودانە، نوقڵ، کەرستەی تر

شرۆڤەی یاریی:

لە ئەرجەنتیندا، Piñatas بە شێوەی ئاسایی بە تیزانێکی لاستیکی گەورە (بە بەرزایی نزیکەی 50 سانتیمەتر کاتێک بای تێدەکرێت) دروست دەکرێت کە دەمێکی پانی هەیە کە لە رێگای ئەوەوە بەو شتانەی کە بڕیارە دابەش بکرێن (شیرینی و شتی جۆراوجۆر) پڕ دەکرێت.

پاش ئەوە، Piñata لە بەرزاییەکەوە رادەگیردرێت بە جۆرێ کە ئەو منداڵەی کە لەدایکبوونیەتی و میوانەکان دەستیان پێ بگات و بە شتێکی تیژ کون دەکرێت.

تیزانەکە دەتەقێت، شتەکان دادەکەون و منداڵەکان ئەوانە کۆ دەکەنەوە.

نێردراو لەلایەن Corinne Acea لە ئەرجەنتین

# ئەرجەنتین



## CHANCHO VA (بەراز دەجووڵێت)

تەمەن: لە 6 ساڵەوە

کەرستە: کارتگەلێک لە چەند ڕەنگدا

شرۆڤەی یاریی:

ئەم یارییە بە هەندێ کارتی تایبەت دەکرێت.

بۆ وێنە، ئەگەر چوار منداڵ خەریکی یارین، چوار کارت بە ژمارەکانی یەک تا چوار لە ڕەنگێکی تایبەتدا هەن. هەر منداڵێک چوار کارت وەردەگرێت. لە هەر سووڕێکدا کارتێک دەگوازرێتەوە.

ئامانجی ئەم یارییە ئەوەیە کە لە زووترین کاتێکدا کە دەکرێت پێکهاتەیەک لە چوار کارت بە ژمارەی وەکیەک یان ڕەنگی وەکیەک پێکبێت.

ئەگەر منداڵێک چوار کارتی وەکیەکی هەبێت، "Chancho (بەراز)" بانگ دەکات و دەستێکی لە ناوەڕاستی قەرەوێڵەکە دادەنێت.

ئەوانی تریش هەر ئەو کارە دەکەن. دوایین منداڵ دۆڕاوەیە و دەبێت ئەرکەکە تەواو بکات.

نێردراو لەلایەن Corinne Acea لە ئەرجەنتین

## چین

# SÄNFTE TRAGEN

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرستە: تەخت

شرۆڤەی یاریی:

ئامانجی ئەم کایە و یارییە ڕاهێنانی هێزی باسک و هاوئاهەنگی ئەندامەکانە.

گرووپەکان هەرکامەیان لە سێ کەس پێکدێن. دوو کەس لە گرووپێک، تەختەکە هەڵدەگرن کە کەسی سێهەم لەسەری دادەنیشێت.

ئەو دوو منداڵەی کە تەختەکە هەڵدەگرن، هەرکامیان دەستی چەپی خۆی لەسەر مەچەکی دەستی ڕاستی خۆی دەگرێت و پاشان دەستی ڕاستی خۆیان لەسەر مەچەکی دەستی چەپی یەکتر دادەنێن و نیشانەی "#" پێکدەهێنن.

ئەو منداڵەی کە لەسەر تەختەکەیە، پێیەکانی خۆی دەخاتە ناو بازنەی خانوویەک کە لە دەستەکانی هەڵگرەکان پێکدێت و لەسەر نیشانەی "#„ کە لە ناودەست پێکدێت، دادەنیشێت.

هەر گرووپێک لە لاوە دەپەڕێت، و خێراترین گرووپ دەیباتەوە.

نێردراو لەلایەن خێزانی یانگ لە چینەوە

# ئەڵمانیا



## یاری ناوەڕاستیی

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: تۆپی نەرم

شرۆڤەی یاریی:

یاریی ناوەڕاستیی، یارییەکی باو لە نێوان منداڵان لە ئەڵمانیایە.
بە تۆپی نەرم دەکرێت.
یارییەکە لە دوو زەوی یاریی بەرابەردا کە بە هێڵێکی راستەوخۆ دابەش دەکرێت، جێبەجێ دەکرێت. لە هەر تیپێک کەسێک دەچێتە ئاسمان (پشت هێڵی بنەڕەتی زەوی رکابەر).
هەر تیپێک تێدەکۆشێت تۆپە نەرمەکە لە زەوی یاریی خۆیەوە بەرەو لای ئەندامانی تیپی بەرانبەر بهاوێت.

هەر کەسێ کە لێی بدرێت دەبێ بچێتە پشت زەوی یاریی تیپی رکابەر (ئاسمان) و هەروەها دەتوانێت لەوێوە بە تۆپ لە منداڵانی تیپی رکابەر بدات. هەر کەسێ تۆپەکە بگرێت، گیان خۆی دەپارێزێت.

یەکەم گروپێ کە ئیتر هیچ کەسی لە زەویدا نەبێت، دۆڕاوە.

نێردراوە لەلایەن Luciano Muranyi لە ئەڵمانیاوە

# ئەڵمانیا

## ڕۆژنامە خوێندنەوە

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە: ڕۆژنامە

شرۆڤەی یاریی:

ڕۆژنامە خوێندنەوە یارییەکی منداڵانەیە کە پێویستی بە ئازادی جموجووڵی زۆر هەیە. بۆیە باشتر وایە کە لە دەرەوە گەمە بکرێت. منداڵێک هەڵدەبژێردرێت و ڕۆژنامەیەک وەردەگرێت. منداڵانی تر بە شێوەی نیوبازنە لە مەودای 15 بۆ 20 مەتری لە بەر دەم منداڵی ڕۆژنامەخوێندا بڵاوە دەکەن.

یارییەکە کاتێک دەست پێ دەکات کە منداڵی ڕۆژنامەخوێن دەست دەکات بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە. ڕۆژنامەکە دەبێت هەموو گۆڕەپانی دیتنی خوێنەر داگیر بکات تاکوو نەتوانێت یاریزانەکانی تر ببینێت. منداڵەکانی تر لەم کاتەدا هەوڵ دەدەن هەنگاو بە هەنگاو بە هێواشی بەرەو کەسێ کە ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە، بچن. ئەگەر ئەو ڕۆژنامەکە بهێنێتە خوارەوە، یاریزانەکانی تر دەبێت دەسبەجێ ڕاوەستن و ڕێگەپێدراو نین زیاتر بجووڵێنەوە. ئەگەر کەسێک هەر بچێتە پێش، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەسپێک.

کەسی ڕۆژنامەخوێن دەتوانێت لە منداڵەکانی تر نزیک ببێتەوە و هەوڵ بدات بە جووڵەی دەموچاو یان پرسیار بیانهێنێتە پێکەنین تاکوو مەجبوور بن بگەڕێنەوە بۆ خاڵی دەسپێکی خۆیان. منداڵێ کە یەکەم جار دەست بتەقێنێت بە ڕۆژنامەخوێنەکەوە، دەیباتەوە و دەبێتە ڕۆژنامەخوێنی نوێ.

نێردراو لەلایەن .Leonie M لە ئەڵمانیاوە

# ئەڵمانیا



## ئاگر، زەوی، ئاو، هەوا

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە: شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

ئاگر، زەوی، ئاو، هەوا، یارییەکە کە زۆرێک لە منداڵان دەیکەن. ئەم یارییە لە شوێنێکدا کە دەرەتانی زۆر هەیە، وەک هۆڵی لەشجوانی دەکرێت.

سەرەتا، سەرکردەی کایەکە دیاریی دەکات کە منداڵەکان بە بیستنی ئاگر، زەوی، ئاو، هەوا دەبێ چ کارێک بکەن (بۆ وێنە دەرچوون بەرەو قەرەوێڵە، پەڕین یان شتی وەکوو ئەوانە).

لە دەسپێکی یارییەکەدا، هەموو منداڵەکان لە هۆڵەکەدا دەردەچن و پاش بیستنی یەکێک لەم وشانە دەبێت بە زووترین کاتێ کە دەکرێت دژکردەوە پیشان بدەن.

دوایین کەسێ کە دژکردەوە پیشان دەدات، لە یارییەکە دەخرێتە دەرەوە. دوایین کەسێ کە دەمێنێتەوە، براوەی یارییەکەیە و دەبێتە سەرکردەی دواتری کایەکە.

نێردراو لەلایەن .Simone M لە ئەڵمانیاوە

عێراق

# CHAAB

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە: بەرد، دار

شرۆڤەی یاریی:

هەر یاریزانێک کۆپڵەیەک بەردی هەیە کە لە شەقامدا کۆی کردووەتەوە. بۆ یاریی کردنەکە، بەردەکان رەنگ دەکرێن. هەر یاریزانێک دارێک هەڵدەبژێرێت کە گورزی پێ دەڵێن. دارەکە دەبێت قورس و پتەو بێت.

شێواز و جۆرە جیاوازەکانی کایە لە یاریی Chaab دا هەیە و هەر شێوازێک تایبەتمەندیی و ناوە تایبەتەکانی خۆی هەیە و هەروەها مەرج و بنەماکانی یاریی تایبەت بە خۆی هەیە. یەکێک لەم شێوازانە وەک دەگوترێت Manash، Khizi، Douqi یان Siri یە. رێژەی یاریزانەکان دەکرێ بە مەیلی خۆ هەڵبژێردرێت.

گرووپێک، بازنەیەک لەسەر زەوی دەکێشن و هەر یاریزانێک رێژەیەکی Chaab کە لەسەری رێکەوتوون لە ناوەندیی بازنەکەدا دادەنێت و هێڵێکی راستەوخۆ لە دەرەوەی بازنەکە، نزیکەی سێ مەتر دووتر، شوێنێ کە تیرهاوێژ لەوێدایە، دەکێشێت. یەکەم یاریزان دارەکەی خۆی بە شێوەی بازنەیی دەهاوێت بە مەبەستی فڕێدانی Chaab ەکان بۆ دەرەوەی بازنەکە. ئەو یارییەکە درێژە پێ دەدات تا کاتێ کە تووشی هەڵەیەک ببێت، پاش ئەوە، یارییەکە دەکەوێتە دەس یاریزانێکی تر تا کاتێ کە هەموو Chaab ەکانی ناو بازنەکە تەواو ببن. براوە کەسێکە کە زۆرترین Chaab ەکانی لە دەستدا بێت.

نێردراو لەلایەن Usama J. Ahmed Al Shukata لە عێراق

عێراق



# HALMATEN

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە:5 بەردی بچووک

شرۆڤەی یاریی:

یاری قەمچان/هەڵماتێن (Halmaten)، یەکێک لە کۆنترین کایە کوردییەکانە.
لە قۆناخی یەکەمدا هەر پێنج بەردەکە تل دەدرێنە سەر زەوی. منداڵێک، سەرەتا بەردێکیان لەسەر زەوی بەرز دەکاتەوە و بەرەو سەرەوە هەڵیدەخات. تا کاتێ کە بەردەکە بێتە خوارەوە، منداڵەکە دەبێت بە زووترین کاتێ کە دەکرێت بەردێکی تریان لەسەر زەوی هەڵگرێت و دەسبەجێ بەردەکە لە سەرەوە بگرێتەوە. کاتێ کە منداڵەکە توانی ئەو کارە بکات، بەردە کۆکراوەکان بەرەو سێ بەردەکەی تر دەهاوێژرێن.
لە قۆناخی دواتردا هەر ئەو منداڵە دەبێت دیسانەوە بەردێک بەرەو سەرەوە هەڵخات. ئەم جارە لەگەڵ هاتنەخوارەوەی بەردەکەدا، دەبێت دوو بەرد لە سەر زەوی هەڵگرێت و ئەوەی لە هەواوە بگرێتەوە.
یارییەکە درێژە دەدرێت تا کاتێک کە بە هەڵخستنی بەردێک بۆ سەرێ، چوار بەردەکەی تر لەسەر زەوی هەڵگیردرێن. لە دواییدا، کاتێک کە منداڵەکە پێنج بەردەکەی لە دەست دایە، هەموویان هاوکات هەڵدەخات بەرەو سەرێ و پاشان دەبێت هەر پێنج بەردەکە بگرێتەوە. ئەگەر بەردێک نەکەوێتە سەر زەوی، ئەو منداڵە براوەیە.

هەر کە بەردێک کەوتە سەر زەوی، سەرەی منداڵێکی ترە.

نێردراو لەلایەن Rahim Niyan لە هەرێمی خودموختاری کوردستان

# کامێرون



# BATON RELAY

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە:2  تووڵ یان 2 شتی بچووک وەک تۆپی نەرم

شرۆڤەی یاریی:

منداڵەکان دابەش دەکرێن بەسەر دوو تیپی جووتدا، باشتر وایە هەر تیپێک چوار یان رێژەیەک زیاتر منداڵی تێدا بێت. تیپەکان لە پشت نیشانەیەک لەسەر زەوی ریز دەبن و لە ریزەکەدا بە مەودای باڵێک دوورتر لە یەکتر دەوەستن. کەسی پشتەوە تووڵەکە وەردەگرێت.
هەموو بەشداربووانی تر بەرەو پێشەوە دەوەستن و ئەو دەستەی تووڵەکەی پێ دەگرن (دەستی وەرگر) دەخەنە پشت سەر.
کاتێک وشەی "بچۆ" دەبیستن، منداڵەکان لە زووترین کاتێکدا کە بکرێت تووڵەکە دەستاودەست دەکەن. کاتێ کە ئەو کەسەی کە لە پێش هێڵەکەدایە، تووڵەکە وەردەگرێت، دەبێ خێرا ئەوە لە سەر سەری راگرێت و ئەوە بەو واتایە کە تیپەکە ئامادەیە.
یەکەم تیپێک کە ئەم قۆناخە تەواو بکات، براوەی ئەم قۆناخەیە.
یاسا: روانینی وەرگر دەبێت بۆ بەرەوە بێت. دەستی وەرگر، نەجوولێت. دار، بە توندی بخرێتە دەستی وەرگر. منداڵەکان لە ماوەی پاسداندا، بە نۆرە لە دەستەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن.
تێبینی: کاتێک تووڵەکە دێتە پێشەوە، هەموو هەڵدەگەڕێنەوە و بەرەو لایەکی تر دەڕوانن. ئێستا تووڵەکە لە کۆتایی هێڵەکەدایە و یارییەکە دەکرێ دووپات بکرێتەوە.

نێردراو لەلایەن Josephine Forghab لە کامێرون



# قەزاقستان

## HULI, HULI DAMOJ

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

ئامانجی ئەم یارییەی راو، ئەوەیە کە ئەو یاریزانەی کە وەکوو راوچی دێتە ئەژمێر، یاریزانەکانی تر ببات بۆ ناوچەیەکی دڵنیا و ئەمن.
بەر لە "راو" ئەو وتووێژەی خوارەوە دەکرێت.

منداڵێک (راوچی) کە لە پەناوە راوەستاوە بە گرووپی یاریزانەکان دەڵێت:
"Huli, huli domoj" (قاز، قاز، وەرە بۆ ماڵەوە)
"Bojiumsja" — "Kowo?" (ئێمە دەترسین. – لە کێ؟)
"Wolk sa goroj" (گورگی پشت کێو.)
"Tschto on djelajet?" (ئەو چی دەکات؟)
"Gusjku skupjot" (ئەو قازێک دەگرێت.)
"Kakuju?" (کام؟)
"Seru, belu, wolutchatu" (خوڵەمێشی، سپی.)
"Skorej, djetki w chatu" (منداڵەکان خێرا وەرنە ناو ماڵ.)

پاش ئەم داواکارییە، هەموو ئەو منداڵانەی کە ببوونە بە قاز بەرەو بانگکەرەکە دەردەچن.
لەم کاتەدا، راوچی دەبێ یەکێک لە قازەکان بگرێت.

بە وتەی Elena Rollmann لە قەزاقستانەوە

# قەزاقستان



## ورچ، تا کەی دەتوێت بخەویت؟

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

منداڵەکان لە بازنەیەکدا رادەوەستن. منداڵێک (ورچ) لە ناوەڕاستی بازنەکەدا دادەنیشێت و دەخەوێت.

منداڵەکان دەست یەکتر دەگرن و بە شێوەی بازنەیی بە رێگادا دەڕۆن و لە ورچەکە دەپرسن: ورچ، تا کەی دەتوێت بخەویت؟ ورچ بێ دەنگ دەبێت.

منداڵەکان دیسانەوە دەپرسن: ورچ، تا کەی دەتوێت بخەویت؟ ورچ ناڕەزامەندانە نەرەی دێت.

منداڵەکان بۆ جاری سێهەم هەر ئەم پرسیارە دەکەن. ئەم جارە ورچەکە بە ژمارەیەکی کەمتر لە دە وەڵام دەداتەوە، بۆ وێنە دەڵێت "پێنج". پاشان منداڵەکان دەست دەکەن بە ژماردن تا "پێنج". لە ژمارە "پێنج"دا ورچ بەرز دەبێتەوە و هەموو منداڵەکان دەردەچن بە دەوروبەردا تاکوو ورچەکە نەیانگرێت.

هەر کەسێ کە لەلایەن ورچەوە بگیردرێت، ئەو دەبێت بە "ورچ" و گەمەکە دیسانەوە دەست پێ دەکاتەوە.

بە وتەی Elena Rollmann لە قەزاقستانەوە

# مەراکێش/مەغریب

## یاریی بەردگر

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: بەردە بچووکەکان (وەکوو خڕکە بەرد)، ئارەزوومەندانە: ورەوورکردن

شرۆڤەی یاریی:

یاریی بەردگر، یارییەکە کە لە مەغریب و هەروەها لە سەرتانسەری ئافریقا دەکرێت. ئەم یارییە زۆر ساکارە و دەکرێ ئەوە بە کەرستەیەکی کەم جێبەجێ بکرێت. بۆ ئەم یارییە تەنیا هەندێ بەردی بچووک (خڕ) پێویستە.
سەرەتا شەش تا یانزە بەرد لە ناو لەپی دەست دادەنێن و پاشان هەڵیدەخەن بۆ سەرەوە. لە ماوەی هەڵخستنەکەدا، دەستەکان بە جۆرێ دەسووڕێنەوە کە پشتە دەست بەرەو سەرەوە بن و بەردەکان دەگیردرێنەوە. ئەم کارە دوو جار دووپات دەکرێتەوە. دوایین جار، بەردەکان فڕێ دەدرێنە هەوا و چی تر ناگیردرێنەوە.
"قۆناخەکان"ی خوارەوە لە یارییەکەدا هەیە:
1. رکابەرەکە ئاماژە بە بەردێک دەکات کە دەبێت لە دواییدا بگیردرێتەوە. بەردێک دەگیردرێت و بە دەستێک بۆ هەوا فڕێ دەدرێت. کاتێ کە بەردەکە لە هەوایە، ئەو بەردانەی کە کەوتوونەتە سەر زەوی دەبێت بە کەمترین جووڵەیەک کە بۆی هەیە هەڵگیردرێن.
2. یاریزانی رکابەر ئاماژە بە بەردێک دەکات کە دەست پێی ناگات یان ناکرێ بجووڵێتەوە. ئەو بە پەنجەکانی خۆی "دەروازە"یەک دروست دەکات. ئەم یاریزانە ئێستا دەبێت بەردێک هەڵخاتە هەوا و ئەو بەردانەی کە کەوتوونەتە سەر زەوی بە بێ جووڵە یان لێدانی ئەو بەردەی کە بڕیار نییە دەستی لێ بدرێت، بخاتە ناو دەروازەکە.

نێردراو لەلایەن Hanane Ouamar لە مەغریبەوە



مەغریب

# SCHRITTA

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرستە: بەردی بچووک

شرۆڤەی یاریی:

لاکێشەیەک لەسەر زەوی دەکێشرێت و دەکرێت بە چوار چوارگۆشی وەکیەک. بۆ هەر چوارگۆشەیەک ژمارەیەک دیاریی دەکرێت. ئێستا بەردەکە دەبێت لە چوارگۆشی یەک بۆ چوارگۆشی چوار بهاوێژرێت.
بەردەکە بە دەست دەهاوێنە سەر چوارگۆشی یەکەم. ئەگەر بکەوێتە ناو گۆڕەپانی پێوەندیدار، دەست دەکەن بە پەڕین لەسەر پێیەک. بەردەکە دەبێت بخرێتە ناو گۆڕەپانەکەوە، نەک لەسەر هێڵ یان دەرەوەی گۆڕەپانەکە، بەپێچەوانەوە ئەو کەسە دەبێت لە دەرەوە بێت. هەر کە بەردەکە بخرێتە ناو چوارگۆشی یەکەم، منداڵەکە دەپەڕێتە ناو چوارگۆشی یەکەم و بەردەکە بە پێی خۆی پاڵ پێوە دەنێت بۆ ناو چوارگۆشی دووەم. لە چوارگۆشی دووەم، بەردەکە بە پێ دەخاتە چوارگۆشی سێهەم و هەر بەمجۆرە تا کاتێ کە سووڕەکە تەواو بێت. بەردەکە لە چوارگۆشی چوارەم بەرەو دەرەوە پاڵی پێوە دەنرێت و منداڵەکە دەبێت بەرەو دەرەوە بە هەردوو پێ هەڵخاتەوە و بدات بە سەر بەردەکەدا. ئەمە سووڕی یەکەم بوو. ئەگەر منداڵێک ئەم سووڕە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت، یارییەکە درێژە دەدرێت. منداڵەکە دیسانەوە لە بەرانبەر چوارگۆشە کێشراوەکاندا رادەوەستێت و ئێستا دەبێت بەردەکە راستەوخۆ بخاتە ناو چوارگۆشی دووەم و بپەڕێتە ئەوێ. هەر کە گەیشتە چوارگۆشی دووەم، دەبێ بەردەکە بە پێی خۆی بخاتە چوارگۆشی سێهەم و ئەم قۆناخە هەر بەوجۆرە تەواو بکات.
یارییەکە کاتێک تەواو دەبێت کە منداڵەکە هەر چوار سووڕەکەی تەواو کردبێت.

نێردراو لەلایەن Nezha Addi لە مەغریبەوە

# ڕۆمانیا

## شیری خەست - LAPTE GROS

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

شیری خەست، یارییەکی بەکۆمەڵە کە لانیکەم بە پێنج یاریزانەوە دەکرێت. ئەگەر کەسانی زیاتر بیانەوێت لە یارییەکەدا بەشدار بن، ڕێژەی گشتی بەشداربووان دەبێت هەموو کات ژمارەیەکی تاق بێت.

مەرجەکانی یاریی: یاریزانێک وەکوو نێوبژیوان دیاریی دەکرێت و بەشداربووانی تر دابەش دەبن بە سەر دوو تیپی بەرابەردا. پاش ئەوەی کە ڕیزبەندیی یارییەکە دیاریی کرا، یەکێک لە تیپەکان بەوجۆرەی خوارەوە دادەنیشێت: یەکەم یاریزان بەرەو پێش دادەنەوێت و سەر خۆی دەخاتە ناو دەستەکانی نێوبژیوان. کەسی دواتر، لە پشت یاریزانی یەکەمەوە دەچەمێتەوە، سەری دەکەوێتە نێوان پێیەکانی. و هەر بەمجۆرە هەموو ئەندامانی تیپەکە پشت سەر یەکتر دادەنیشن.

یاریزانەکانی تیپەکەی تر، دەبێت بە نۆرە لە پشت تیپی دانیشتووەوە باز بدەن. هەر جار کە کەسێک دەپەڕێت، دەبێت هاوار بکات "شیری خەست"! ئەو یاریزانانەی کە پەڕیون دەبێت لەو شوێنەی کە داویانە بە زەویدا (بە بێ جووڵەی زیاتر بۆ پێش یان دوا) بمێننەوە.

پاش ئەوەی کە هەموو ئەندامانی تیپی دووەم لە پشت سەر تیپی یەکەم بازیان دا، دەبێت هەڵکەوتی خۆیان بپارێزن و یەکەمین بازدەر دەبێت بە قامکی خۆی ژمارەی یەک تا پێنج پیشانی نێوبژیوان بدات. تیپی یەکەم، ژمارەی پیشاندراو مەزندە دەکات.
تیپەکان جێی خۆیان دەگۆڕن و یارییەکە کاتێک تەواو دەبێت کە:
- تیپی چەماوە یان دانەویو ژمارە پیشاندراوەکە مەزندە بکات.
- یەکێک لەو یاریزانانەی کە پەڕیوە (و لە پشت ڕکابەرەوەیە) پێی خۆی دێنێت بە زەویدا.
- کەسێک لە بیری بچێت کە پێش بازدان هاوار بکات "شیری خەست!"
- هێشتا هەندێ یاریزان هەن کە دەبێت بپەڕن، بەڵام بە هۆی هەڵکەوتی نادروستی کەسانێ کە پەڕیونەتە بەر ئەوان، شوێنێک نەماوەتەوە.

نێردراو لەلایەن Valeriu Drăguț لە ڕۆمانیاوە



# ڕۆمانیا

# BAMBILICI

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە: تۆپەکان

شرۆڤەی یاریی:

Bambilici یارییەکە بۆ دەرەوەی ماڵ کە چوار کەس پێکەوە بە تۆپێک دەیکەن. ئەم یارییە جۆرێ تۆپی پێیە، بەڵام لە شوێنێکی زۆر بچووکتردا.
بەر لە دەسپێکردنی گەمە، زەوی یارییەکە بەوجۆرەی خوارەوە دیاریی دەکرێت: چوارگۆشێکی گەورە بە شێوەی بەرابەر دابەش کراوە بە چوار چوارگۆشی بچووکتر بە ژمارەی یەک تا چوار.
پاش دیاریکردنی شوێنی هەر بەشداربوویەک، یارییەکە بە لێدانی تۆپ لەلایەن یاریزانێ کە لە چوارگۆشی ژمارە یەک دایە، دەست پێ دەکات.

یاساکان
- تۆپەکە هەمیشە بە شێوەی لار/شەفتوور دەخرێتە ناو ناوچەی سزا (یەک بۆ سێ، دوو بۆ چوار و سێ بۆ یەک).
- ئەگەر یاریزانێک تۆپەکە بخاتە دەرەوەی زەوی، هەڵەیە.
- ئەگەر تۆپی هەبوو لە چوارگۆشی بەشداربوودا، لانیکەم دوو جار پێش پێوەتەقیان لە زەوی بدات، هەڵەیە.
- ئەگەر یاریزانێک تووشی هەڵە ببێت، چوارگۆشەکە دەگۆڕێتەوە لەگەڵ بەشداربوویەک کە لە چوارگۆشێکدا بە ژمارەی کەمترەوەیە (گۆڕینی چوار لەگەڵ سێ، گۆڕینی سێ لەگەڵ دوو، گۆڕینی دوو لەگەڵ یەک).
- کەسێ کە لە چوارگۆشی یەک دایە، کەسێکی نییە کە ئەگەر هەڵە بکات، جێگای خۆی لەگەڵی بگۆڕێتەوە و دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی هەڵەکانی. پاش سێ هەڵە ئەم کەسە لە یارییەکە دەخرێتە دەرەوە.

- ئەگەر ئەم کەسە لە چوارگۆشی ژمارە یەکەوە بچێتە چوارگۆشی ژمارە دوو ڕێژەی ئەو هەڵانەی کە کەڵەکە بوون دەبێتە خاڵ/سیفر.

- ئەگەر تۆپەکە بکەوێتە سەر یەکێک لە هێڵەکانی جیاکەرەوەی چوارگۆشەکان و ئەو چوارگۆشە لەلایەن کەسێکەوە داگیر کرابێت، لێدانەکە دروستە. تەنیا ئەگەر هێڵێ کە تۆپەکە دەکەوێتە سەری، لە نێوان دوو یاریزاندا هاوبەش بێت، یارییەکە رادەگیردرێت و لەلایەن کەسێکەوە کە دوایین لێدانی تۆپی هەبووە، درێژە دەدرێت.

دوایین بەشداربوویەک کە هێشتا لە ناو گەمەکەدایە، براوە دەبێت.

نێردراو لەلایەن Valeriu Drăguţ لە ڕۆمانیاوە

# ڕۆمانیا

## مشک و پشیله

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

منداڵەکان لە نێو بازنەیەکدا دەوەستن، بەرەو ناوەوە، دەستی یەکتر دەگرن.
لە دوو شوێنی ئەم بازنەیەدا، منداڵەکان دەستی یەکتر ناگرن. ئەمانە ئەو شوێنانەن کە "پشیلە" ڕێگەپێدراوە کە بێتە ناو و بچێتە دەرەوە.
لە ناوەڕاستی بازنەکەدا منداڵێک بە ناوی "مشک" هەیە، لە دەرەوەی بازنەکە منداڵێکی تر بە ناوی "پشیلە" هەیە.
کاتێ کە سەرکردەی یارییەکە، یاریی دەست پێ دەکات، "پشیلە" هەوڵ دەدات "مشک"ەکە بگرێت.
یاریزانەکان لە بازنەکەدا، بۆ هەڵاتنی مشکەکە هاسانکاریی دەکەن و بە بەرزکردنەوەی دەست ڕێگەی پێ دەدەن بێتە ناو بازنەکە و بچێتە دەرەوە.
لە هاتنی "پشیلە" بەرگیری دەکرێت. تەنیا دەتوانێت لە دوو دەروازەوە بێتە ناو بازنەکە.
کاتێک "پشیلە" "مشک"ەکە دەگرێت، سەرکردەی یارییەکە، منداڵانێکی تر بۆ ئەو نەخشانە هەڵدەبژێرێت.
ئەگەر "پشیلە" نەتوانێت "مشک"ەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بگرێت، هەر ئەم کارە دەکرێت.

نێردراوە لەلایەن Lavinia Boţ-Jurca لە ڕۆمانیاوە

# ڕۆمانیا

## پەڕەسیلکە، هێلانەی خۆت بجوولێنە!

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

هەموو یاریزانەکان، گرووپی دووکەسی پێکدەهێنن، ڕووبەڕووی یەکترن و دەست دەدەن بە دەست یەکترەوە. چەندین جووت لەم جۆرە هەیە کە پیشاندەری هێلانەیە. لە ناوەڕاستدا، منداڵی سێهەم ڕۆڵی پەڕەسیلکە دەگێڕێت (پەڕەسیلکە لە هێلانەیەکدا کە دوو بەشداربووی تر پێکی دەهێنن، دەمێنێتەوە).
ئەگەر کەسێک هاوار بکات "پەڕەسیلکە، هێلانەی خۆت بجوولێنە"، هەموو ئەو کەسانەی کە لە هێلانەدان، دەبێت ئەوێ بەجێ بهێڵن. یاریزانەکان ڕێگەپێدراو نین کە بگەڕێنەوە بۆ هەر ئەو هێلانەی کە تازە بەجێیانهێشتووە.

یاریزانێک (یەکێک لە پەڕەسیلکەکان) بە بێ هێلانە دەمێنێتەوە و لە دەوروبەری هێلانەکاندا دەجووڵێتەوە تا کاتێ کە سەرکردەی یارییەکە بانگ بکات: "پەڕەسیلکە، هێلانەی خۆت بجوولێنە"! لەم قۆناخەدا، هەموو "پەڕەسیلکەکان" دەبێت هێلانەی خۆیان بەجێ بهێڵن و هێلانەیەکی نوێ بدۆزنەوە.
ئەم کارە ئەو هەلە بۆ پەڕەسیلکەی بێ هێلانە دەڕەخسێنێت کە هێلانەیەک بدۆزێتەوە. ئێستا پەڕەسیلکەیەکی تر بە بێ هێلانە دەمێنێتەوە و لە هاواری دواتردا، هەلی دۆزینەوەی هێلانەیەکی نوێ دەدۆزێتەوە.

نێردراو لەلایەن Lavinia Boţ-Jurca لە ڕۆمانیاوە



# ڕووسیا

# BRATPFANNE

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

هەشت بۆ دە منداڵ پێکەوە ئەم یارییە دەکەن. هەرچی منداڵی زیاتر لەم یارییەدا بەشدار بن، چاکترە. سەرەتا منداڵەکان دابەش دەکرێن بەسەر دوو تیپدا. هەموو تاکەکان بە شێوەی بازنەیی و دەست لە دەستی یەکتر رادەوەستن و دەستەواژەی "Bratpfanne, Bratpfanne، هەرچی زووتر وەرە ئێرە"! دەڵێن.
پاشان دوو تیپەکە لەکاتێکدا دەستیان لە دەستی یەکتردایە، لە بەرانبەر یەکتردا رادەوەستن.
تیپی Bratpfannen، سەرەتا دەست پێ دەکات و هاوار دەکات "کێتان دەوێت؟"
تیپی بەرانبەر، کەسێک لە تیپی یەکەم هەڵدەبژێرێت و ناوێک بانگ دەکات.
ئەم کەسە دەبێت "قفڵ"ی دەستی هەر دوو یاریزانەکە لە تیپی بەرانبەردا بە دەرچوون بشکێنێت. ئەگەر سەرکەوت، یەکێک لەم دوو کەسە دەبات بۆ تیپەکەی خۆی، بەپێچەوانەوە، ئەو کەسە لە تیپی خۆیدا دەمێنێتەوە. یارییەکە تا کاتێ درێژە دەدرێت کە تیپێک بە تەواوی "لە نێو بچێت". ئەم یارییە بە شێوەی ئاسایی خێرا دەڕواتە پێشێ و جموجووڵی زۆری هەیە.

نێردراو لەلایەن Nataliia Karas لە ڕووسیا

## ڕووسیا

# LAPTA

تەمەن: لە 6 ساڵەوە

کەرستە: ڕاکێت، چەند تۆپ

شرۆڤەی یاریی:

"Lapta" وەرزشێکی تۆپتۆپێنی ڕووسییە کە وەکوو پانچ باڵی ئەڵمانییە.

وشەی "Lapta" بە واتای "داری گورزوەشێن"ە. ڕاکێتەکان تەخت و پانن (نزیکەی 120 سانتی مەتر درێژ و چوار سانتی مەتر پانتاییان هەیە). تۆپەکە بچووک، سووک و بە ئەندازەی تۆپێکی تێنیسە.

ئەم یارییە لە نێوان دوو تیپدا دەکرێت کە هەر تیپێک لانیکەم لە پێنج کەس پێکدێت. زەوی یارییەکە بە شێوەی لاکێشەیە و دەتوانێت ئەندازەی جیاوازی هەبێت. هێڵێکی گورزوەشاندن و دوو پێگە هەیە.

پاش تیروپشک لەلایەن نێوبژیوانەوە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە چ کەسێک گورزی یەکەم لێ بدات، یاریزانەکان لە شوێنی خۆیان جێگیر دەبن. تیپی بەرگریکار دەچێتە ناو گۆڕەپانەکە، لەکاتێکدا کە گورزوەشێن لە بەشی بەرەوە ڕاوەستاوە. یەکێک لە تیپەکان تۆپێک بەرەو گورزوەشێن دەهاوێت کە دەبێت بە توندی و بە وردبینییەوە لێی بدات. هەر کە لە تۆپەکە دەدرێت، یاریزانەکانی تیپی گورزوەشێن بە مەبەستی گەیشتن بە هێڵی ناوەڕاست بەرەو پێش دەچن و لەکاتێکدا کە تۆپەکە هێشتا لە نێو یارییەکەدایە دەگەڕێنەوە بۆ جێگەی خۆیان.

ئەگەر سەرکەون، هەر یاریزانێک دوو خاڵ بۆ تیپی خۆی دەستەبەر دەکات. کاتێ کە ڕاکەر لە تۆپەکە دەدات، یاریزانەکانی زەوی دەتوانن لە دەست ڕکابەری خۆیان هەڵێن. پاش ئەوەی کە ئەو دای لە ڕکابەر، یاریزانەکە دەبێت بە بێ ئەوەی کە گورزێک بەر خۆی بکەوێت، دەرچێت بۆ پشت هێڵی پێگە یان بۆ شوێنی سەرەکی. هەر دوو تیپەکە دەتوانن گورز لە یەکتر بدەن تا کاتێ کە هەر یاریزانێک لە دەرەوەی هێڵی سەرەکی یان جێگەی سەرەکی بێت. ئەگەر یاریزانێکی ناو زەوییەکە، تۆپەکە بگرێتەوە لە کاتێکدا کە لە هەوایە، خاڵ دەدرێت بە تیپەکەی. ئامانجی Lapta بەدەستهێنانی لانی زۆری خاڵە.

نێردراو لەلایەن Inna Schmidt لە ڕووسیا

# سێربیا



## خۆشکە، نرخی شیر چەندە؟

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

ڕێژەیەکی بێ سنووری منداڵ بە شێوەی دووانی لە بازنەیەکدا رادەوەستن. منداڵێک وەکوو "فرۆشیار"ە، منداڵێک چۆک دادەدات و ڕۆڵی "دەفری شیر" دەگێڕێت و منداڵێک ڕۆڵی "مشتەری" دەگێڕێت. پاشان "مشتەری" دەگەڕێت بە دوای "فرۆشیار"دا تاکوو لە "فرۆشیار" شیر بکڕێت.

بەوەشەوە، "فرۆشیار" بیروڕای خۆی دەگۆڕێت و ئیتر نایەوێت "شیر" بفرۆشێت. بۆیە دوو منداڵەکە پێشبڕکێیەک دەست پێ دەکەن تاکوو بڕیار بدەن کە چ کەسێک "شیر" وەرگرێت.
منداڵێ کە یەکەم کەس بوو کە ڕۆڵی "قازانگی شیر"ی وەرگرت، ئێستا رۆڵی "فرۆشیار" دەگێڕێت، کەسی دۆڕاو ئێستا "مشتەری"یە.



نێردراو لەلایەن Emilja Čitanov لە سێربیا



# سێربیا

## هێلکە یان ڕەنگ

تەمەن: لە 4 ساڵەوە
کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە
شرۆڤەی یاریی:

کەسێک ڕۆڵی فرۆشیار دەگێڕێت، کەسێی تر شەیتان لە ئاسمان و منداڵەکانی تر هێلکەن. ئەو منداڵانەی کە ڕۆڵی هێلکە دەگێڕن لە پەنای یەکتردا ڕادەوەستن و فرۆشیار بە گوێیاندا دەچرپێنێت کە چ ڕەنگێکن تا کەسی ئەوە نەبیسێت. شەیتان دێت و دەرگا دەکوتێت.

شەیتان: تەق تەق
فرۆشیار: کێ لەوێیە؟
شەیتان: شەیتان لە ئاسمانەوە.
فرۆشیار: چ شتێکتان پێویستە؟
تەق تەق: هێلکەیەک.
فرۆشیار: چ ڕەنگێک؟

شەیتان ڕەنگێک دەڵێت، فرۆشیار پێی دەڵێت کە ئاخۆ وەها هێلکەیەکی هەیە یان نا، و هێلکەیەک کە بەو ڕەنگەیە، لەوی هەڵدێت.
ئەگەر شەیتان بیگرێت، هێلکەکە دەبێت بە شەیتان، و شەیتان دەبێتە هێلکە.
و فرۆشیار ڕەنگێکی نوێی پێ دەدات.

نێردراو لەلایەن Emilja Čitanov لە سێربیا

## سوریا



# MURMELKUGELN

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرستە: ڕێژەیەکی زۆر هەڵماتی ڕەنگاوڕەنگ/ تۆپی ڕەنگامەی بچووک

شرۆڤەی یاریی:

یاریی "هەڵماتەکانی مەڕمەڕ"، یەکێک لە ناسراوترین یارییەکانی منداڵان لە سوریای پێش سەردەمی تەکنۆلۆژیایە، کە زیاتر لەلایەن منداڵانەوە دەکرێت.
ئەوەی کە چ کەسێک سەرەتا تیر بخات، بەمجۆرە دیاریی دەکرێت: بۆ ئەم کارە هێڵێک لەسەر زەوی دەکێشرێت. یاریزانەکان لە مەودای سێ مەترییەوە بەرەو هێڵەکە شووت دەکەن. کەسێ کە شووتەکەی نزیکترین شووت بووە لە هێڵەکە، دەست پێ دەکات. بازنەیەک دەکێشرێت (بە شێوەی ئاسایی بە پانتایی 1.5 تا 3 مەتر) و 13 "هەڵماتی مەڕمەڕ" دەخرێتە ناوی. "هەڵماتەکانی مەڕمەڕ" دەبێت بە شێوەی یەکتربڕ و بە مەودای 7.5 سانتی مەتر لە یەکتر دانرێن. هەر بەشداربوویەک بە نۆرە لە دەرەوەی بازنەکە تیر دەخات و هەوڵ دەدات تۆپێک لە ڕینگەکە بخاتە دەرەوە لەکاتێکدا کە تیرهاوێژەکەیان لە ڕینگدا دەمێنێتەوە. ئەگەر تیرهاوێژ، تیرێک لە دەست بدات، نۆرە تەواو دەبێت و تیرهاوێژ، تیرەکە هەڵدەگرێت. ئەگەر تیرهاوێژ لێدانێک بە ئاکام بگەیەنێت، تیرهاوێژ لە ڕینگەکە دێتە دەرەوە، هەڵماتەکانی مەڕمەڕ لە دەرەوە رادەگرێت و نۆرە تەواو دەبێت. ئەگەر تیرهاوێژ گورزێک بوەشێنێت و لە ڕینگەکەدا بمێنێتەوە، یاریزان دیسانەوە لە شوێنێ کە تیرهاوێژ لێی مابووەوە، تیر دەخات. لە هەر سووڕێکی نوێدا، کەسێک لە شوێنێک لە دەرەوەی ڕینگەکە تیر دەخات. هەر کەس زیاتر هەڵماتی مەڕمەڕ کۆ بکاتەوە، براوەیە.

نێردراو لەلایەن Ali Elhaji Hmiedi لە سوریا



# سوریا

## حەوت بەرد

تەمەن: لە 5 ساڵەوە

کەرستە:7 بەرد، تۆپی نەرم

شرۆڤەی یاریی:

بۆ کردنی ئەم یارییە، تۆپێکی نەرم، حەوت بەرد کە بکرێ لەسەر یەک دانرێن و لانیکەم دوو تا چوار یاریزان لە هەر تیپێک پێویستە.

سنوورەکانی زەوی یارییەکە دیاریی دەکرێت و حەوت بەرد لە ناوەڕاستی ناوچە سنوورییەکە لەسەر یەک دادەنرێن.

تیپی یەکەم بە تێکۆشان بۆ لێدانی بەردەکان بە تۆپ لە مەودایەکی دیاریکراوەوە، دەست پێ دەکات. ئەم تیپە، سێ جار لە ڕێگای سێ یاریزانی جیاوازەوە بۆ لێدانی بەردەکان، هەوڵ دەدات. ئەگەر ئەوان لە سێ هەوڵداندا سەرنەکەوتن کە لە بەردەکان بدەن، سەرە دەگاتە بە تیپەکەی تر.

ئەگەر بەردەکان داکەوتن، تیپەکە بە هاوکاری یەکتر پێش ئەوەی کە بە تۆپی نەرم لەلایەن تیپی ڕکابەرەوە لێی بدرێت، ئەوانە دیسانەوە بننەوە سەریەک.

ئەگەر کەسێک لێی بدرێت، دەبێت تا کۆتایی سووڕەکە، لە دەرەوە دانیشێت.

بە کەڵەکە تەواوکراوەکان، حەوت خاڵ دەدرێت.

ئەگەر هەموو تاکەکان پێش کۆتایی سووڕەکە دەرکرێن، ڕێژەی بەردەکانی سەریەک لەگەڵ ئەو خاڵانەی کە تیپەکە وەریدەگرێت، هاوتایە.

تا کاتێ هەبێت، سووڕی زیاتر جێبەجی دەکرێت. تیپێ کە زۆرترین خاڵی هەبێت، براوەیە.

نێردراو لەلایەن Ali Elhaji Hmiedi لە سوریا



# تورکیە

## ZAMBAK ZUMBAK

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرستە: پەڕۆ

شرۆڤەی یاریی:

لانیکەم چوار منداڵ لە بازنەیەکدا دادەنیشن. منداڵێک پەڕۆیەک دەگرێتە دەستەوە و لە پشتەوەی منداڵە دانیشتووەکان رادەوەستێت. ئەوان گۆرانی گەمەکە دەڵێنەوە تا ئەوەی کە منداڵەکە پەڕۆوەکە دەخاتە سەر پشت یەکێک لە منداڵە دانیشتووەکان.

"yağ satarım bal satarım ustam ölmüş ben satarım ustamın kürkü sarıdır satsam on beş liradır zambak zumbak dön arkana iyi bak"

"رۆن بۆ فرۆش، هەنگوێن بۆ فرۆش، مامۆستاکەم مرد، کۆتی مامۆستاکەم دەفرۆشم، زەردە، 15 لیر نرخەکەیەتی، زامبەک زومبەک بسووڕە، سەیر بکە"

هەر بە خستنی پەڕۆکە، منداڵەکە هەڵدێت و دەبێت جارێک بە دەور بازنەکەدا دەرچێت. منداڵی دانیشتوو پەڕۆکە دەگرێت و دەبێت ئەو منداڵەی بگرێت کە خەریکە دەردەچێت. ئەگەر ئەو منداڵەی کە دەردەچێت بەو شوێنە بگات کە منداڵەکە بە پەڕۆکەوە لەوێ دانیشتبوو، منداڵەکە بردوویەتەوە و دەتوانێت دانیشێت. ئێستا نۆرەی ئەو منداڵەیە کە پەڕۆکەی پێیە.

نێردراو لەلایەن Simay Furuncı لە تورکیەوە

# ئوکراین

## ڕەنگەکان

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرەستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

منداڵێک پشت دەکات لە یاریزانەکان و ڕادەوەستێت. لە ناکاو دەبێت ناوی ڕەنگێک (سوور، شین، زەرد و هتد) بڵێت.

یاریزانەکان خێرا بە دوای ڕەنگی سەر جلەکەی خۆیان دەگەڕێن و ڕەنگەکە بە توندی ڕادەگرێت تاکوو ئەو منداڵە بتوانێت بیبینێت.

هەر کەسێک ئەو ڕەنگە ئاماژەپێکراوەی لەسەر جلەکانی خۆی نەبێت، دەست دەکات بە هەڵاتن.

منداڵێک کە دەگیردرێت، نۆرەی ئەوە کە ڕەنگێک ناو ببات.

نێردراو لەلایەن Nataliia Karas لە ئوکراینەوە

# ئوکراین



## 5 ناو

تەمەن: لە 3 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

یاریزانی یەکەم بە دەست تۆپەکە دەخاتە ناو زەوی و دەڵێت: "من پێنج ناوی کچ دەزانم: کاتیا یەکە، تانیا دووە، سڤێتا سێیە، ئۆلیا چوارە، جوولیا پێنجە". ناوەکان دەبێ خێرا و ریتمیک بوێژرێن. ئەو کەسە دەبێ لەگەڵ هەر وشەیەک، بە دەستێک لە تۆپەکە بدات.

کاتێ کە یاریزانەکە ریتمەکەی لە بەر کرد و ناوەکانی بە دروستی دەربڕی، دەچێتە دەستەیەکی تر، بۆ نموونە ناوی کوڕان ("من پێنج ناوی کوڕ دەزانم: ڤانیا یەکە، کۆلیا دووە، پێتیا سێیە، ساشا چوارە، میشا پێنجە").

پاشان، هەر بەمجۆرە، منداڵەکە دەتوانێت لە هەر شتێک کە بە مێشکیدا دێت، پێنج ناو بڵێت: بۆ وێنە ناوی شارەکان، رووبارەکان، ئاژەڵەکان، دارەکان، پەلەوەرەکان یان مارکی ئۆتومبیلەکان. یەکەمین کەس کە دە دەستە بە دروستی و ریتمیک بڵێت، براوەیە.

ئەگەر کەسێک تۆپەکە لە دەست بدات، یان ماوەیەکی زۆر بخایەنێت کە ناوێک بڵێت، بە هەڵەدا چووە و تۆپەکە دەدرێت بە یاریزانی دووەم تاکوو سەرلەنوێ دەست پێ بکات: "من پێنج ناوی کچ دەزانم". دووپاتی ناوەکان قەدەغەیە.

ئەگەر تۆپەکە پاش سوورێک بگەڕێتەوە بۆ یاریزانی یەکەم، منداڵەکە لە دەستەیەک دەست پێ دەکات کە تێیدا دۆڕاندوویە.

نێردراو لەلایەن Nataliia Karas لە ئوکراینەوە

# ئوکراین

## پیاوی ئاوکێش

تەمەن: لە 4 ساڵەوە

کەرستە: هیچ شتێک پێویست نییە

شرۆڤەی یاریی:

یاریزانەکان پیاوێکی ئاوکێش، هەڵدەبژێرن. ئەو لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت، چاوەکانی دەقونجێنێت و دەموچاوی لە نێو ئەژنۆکانیدا دەشارێتەوە. یاریزانەکانی تر، دەستیان لەسەر سەری ئەو دادەنێن و بە دەورا دەچن و دەڵێن:

پیاوی ئاوکێش، بۆچی لە ژێر ئاو دانیشتووی؟ خولەکێک، چرکەیەک وەرە دەرێ!

پاش کۆتایی خوێندنەوەی ئەم هەڵبەستە، هەموویان بەملاو بەولا دەردەچن و پیاوی ئاوکێش رادەوەستێت و هاوار دەکات "راوەستە"!
یاریزانەکان هەر لەو شوێنەدا کە فەرمانی راوەستانیان پێ دراوە، دەمێننەوە و نابێ ئەوێ بەجێ بهێڵن. پاش ئەوە، پیاوی ئاوکێش بە چاوی قونجاو دەست دەکات بە گرتنی منداڵەکان و مەزندە دەکات کە کێی گرتووە. بۆ دووربوونەوە لە دەستی ئەم کەسە، منداڵەکانی تر دەتوانن لەسەر ئەژنۆ دانیشن، خۆیان بخەن بەملاوبەولا و لەسەر پێیەک راوەستن. پاش گرتنی کەسێک، پیاوی ئاوکێش دەبێ بە دەست پێوەتەقاندن، ئەو بناسێت و ئەو بە ناو بانگ بکات.
کەسی گیراو، یارییەکەی تر سەرکردایەتی دەکات. پیاوی ئاوکێش بە چاوی قونجاو، بەپێی دەنگەکان دەگەڕێت بە دوای یاریزانەکاندا. بەمبۆنەوە یاریزانەکان هەوڵ دەدەن تا دەکرێ بێ دەنگ بن و پچە پچ نەکەن و پێنەکەن.



نێردراو لەلایەن Yevhen Oladko لە ئوکراینەوە

## هێمای سەرچاوەکان لە flaticon.com

### Afghanistan
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/afghanistan" title="afghanistan icons">Afghanistan icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Argentinien
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/argentina" title="argentina icons">Argentina icons created by Freepik - Flaticon</a>

### China
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/china" title="china icons">China icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Deutschland
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/germany" title="germany icons">Germany icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Irak
<a href="https://www.flaticon.com/de/kostenlose-icons/irak" title="irak Icons">Irak Icons erstellt von Freepik - Flaticon</a>

### Iran
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/iran" title="iran icons">Iran icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Kamerun
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/cameroon" title="cameroon icons">Cameroon icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Kasachstan
<a href="https://www.flaticon.com/de/kostenlose-icons/kasachstan" title="kasachstan Icons">Kasachstan Icons erstellt von Freepik - Flaticon</a>

### Marokko
<a href="https://www.flaticon.com/de/kostenlose-icons/marokko" title="marokko Icons">Marokko Icons erstellt von Freepik - Flaticon</a>

### Rumänien
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/romania" title="romania icons">Romania icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Russland
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/russia" title="russia icons">Russia icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Schriftsteller
<a href="https://www.flaticon.com/de/kostenlose-icons/schriftsteller" title="schriftsteller Icons">Schriftsteller Icons erstellt von Iconic Panda - Flaticon</a>

### Serbien
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/serbia" title="serbia icons">Serbia icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Syrien
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/syria" title="syria icons">Syria icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Türkei
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/turkey" title="turkey icons">Turkey icons created by Freepik - Flaticon</a>

### Ukraine
<a href="https://www.flaticon.com/free-icons/ukraine" title="ukraine icons">Ukraine icons created by Freepik - Flaticon</a>

KREIS VIERSEN

Kommunales Integrationszentrum Kreis Viersen


## Kreis Viersen

**Sozialamt – Kommunales Integrationszentrum**

Rathausmarkt 3 | 41747 Viersen

www.kreis-viersen.de



Gefördert durch:

**Ministerium für Kinder, Jugend, Familie, Gleichstellung, Flucht und Integration des Landes Nordrhein-Westfalen**

**Ministerium für Schule und Bildung des Landes Nordrhein-Westfalen**



## Impressum

Herausgeber: Kreis Viersen – Der Landrat

Stand: Februar 2024



Fotos: © Kreis Viersen, sofern nicht anders vermerkt